# ئاگایی و پارامیتەری فۆنۆلۆژییانە لە زمانی کوردییدا

**سازان ظاهر سعید**

بەشی کوردیی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە-** ناونیشانی توێژینەوەکە بۆ (ئاگایی و پارامیتەری فۆنۆلۆژییانە لە زمانی کوردییدا) تەرخانکراوە. پوختەی توێژینەوەکە، کارکردنە لە وەچەپێڕەوی فۆنۆلۆژییدا بۆ نیشاندانی ئاگایی فۆنۆلۆژییانەی ئاخێوەر وەک بەشێک لە زانیاریی ئەبستراکت و گەنجکراوی نێو فەرهەنگی ئاوەزیی تاک، تا بەهۆیەوەو لەڕێیەوە پەی بە چۆنیەتیی بەداوییەکداهاتن و پارامیتەری فۆنۆلۆژییانەی سەگمێنتەکان لە دەربڕراوو بەرهەمهاتووە فۆنۆلۆژییەکانی وەک (بڕگەو وشەکان)دا ببرێت. گرنگترین ئەنجامی بەدەستهاتووی توێژینەوەکەش، بەرجەستەکردنی زانیارییە هەبوو و ناوەکییەکانە پەیوەست بە یەکە/ کەرەستە خاوەکانی (فۆنیم)ەوە وەک سەگمێنتی هەژمارکراوی فۆنۆلۆژیی لە فەرهەنگی زمانداو نواندنیان لە دروستەو دەربڕراوی فۆنەتیکییدا. هاوکات دروستیی بەرهەمهێنانی بڕگەکان، وابەستەی زانیاریی هەڵگیراوی ناواخنی فۆنیمەکانن، بەوەش پێشبینییدەکرێت پەیکاڵیی و وەکیەکیی نێوان ئاگایی فۆنۆلۆژیی ئاخێوەر وەک زانیارییەکی زگماکیی فەرهەنگیی و نواندنەکەی، فۆنەتیکییانە پشتڕاستبکرێتەوە.

**کلیلە ووشەکان -** : ئاگایی، پارامیتەری فۆنۆلۆژییانە، نیشانەی جیاکەرەوە، گرێی، کپیی.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ئاگایی و پارامیتەری فۆنۆلۆژییانە لە زمانی کوردییدا)، کۆششێکە بۆ پەسنکردن و خستنەڕووی ئاگایی فۆنۆلۆژیی ئاخێوەری زمانی کوردیی پەیوەست بە پارامیتەری فۆنۆلۆژییانەو چۆنیەتیی سەرەوریزبوونی فۆنیمەکان و خستنەتەکیەکی دوانییان لە بونیاتی دروستەی بڕگەی کوردییدا. هەموو ئەوانە، لە چوارچێوەی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنانداو بەپێی تیۆری نیشانە جیاکەرەوەکان، لە سنووری دوو بەشدا کاریان تێدا کراوە. بەشی یەکەم، بەشێکی تیۆرییە، تایبەتە بە فەرهەنگ و زانیاریی فەرهەنگیی_فۆنۆلۆژیی بۆ گەنجکردنی سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان، پاشان پەسنکردنی پێڕەوی فۆنۆلۆژیی وەک وەچەپێکهاتەیەکی زمان. لە بەشی دووەمیشدا، ئاگایی فۆنۆلۆژیی ئاخێوەر سەبارەت بە پارامیتەری سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان لە دروستەو دەرکردە بەرهەمهاتووەکاندا خراوەتەڕوو، دواتریش پاش پەسنکردنی پارامیتەری فۆنۆلۆژییانەی سەگمێنتەکان و هەڵکردنیان پێکەوە، لەناو پێڕەوی دەنگە نابڕگەییەکان/ کۆنسۆنانتەکاندا، هەردوو جۆری نابڕگەیی (گیراو، خشۆک) وەرگیراون و بەهۆی نیشانە جیاکەرەوەکانیانەوە، خستنەتەکیەکیی دوانییان خراوەتەڕوو. لەوڕووەشەوە بەپێی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردیی، نیشانەی [± دەنگداریی] یان، کراوەتە بنەمای یەکلاکردنەوەی گونجاویی هەڵکردنی فۆنۆلۆژییانەیان. جێی ئاماژەیە، کۆی نموونەو داتاکانی توێژینەوەکە، لە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست_شێوەزاری سلێمانییەوە وەرگیراون و ڕێبازی (پەسنی شیکاریی)یش، کراوەتە بنەمای شیکردنەوەو ئەزموونکردنیان.


### ١. فەرهەنگ و زانیاریی فەرهەنگیی

### ١/١ زانیاریی فۆنۆلۆژیی

لەو ڕوانگەیەوە، کە فەرهەنگ کۆگای گەنجکردنی گشت زانیارییە زمانییەکانە، زانیاریی فۆنۆلۆژییش، وەک زانیاریی وەچەپێڕەوێکی زمان، دەستەبەری زمانیی هەڵگرتن و کۆگاکردنی لەناو فەرهەنگی زماندا، خورتیی/ حەتمیی و مسۆگەرە. (بڕوانە هێڵکاریی (١)).

ئەو زانیارییانەی پەیوەست بە هەر وەچەپێڕەوێکەوە هەن و لەئارادان، زانیاریی بێکەموکوڕیین، لەسەر ئەو بنەمایە، زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان بە ئەندازەیەک تەواوو پڕاوپڕن، کە ئاگایی فۆنۆلۆژیی ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراو، وەک ڕێسایەکی هەبوو و چەسپیوی زمانەکەیان، دەیانناسنەوەو بۆ دروستکردنی هەر دروستەیەکی فۆنۆلۆژیی، پشتیانپێدەبەستن، هەربۆیە ئاخێوەر بە ئاگاییەوە دروستەکانی بەرهەمدێنێت. ئەوەش وادەکات ئەو بیچمانەی بەدەرلە یاسا فۆنۆلۆژییە ڕێپێدراوەکانی زمانێک دروستدەکرێن، بەهۆی ئاگاییە فۆنۆلۆژییەکەی ئاخێوەرەوە ڕەتبکرێنەوە، چونکە ئاگایی فۆنۆلۆژیی، وابەستەی ئەو زانیارییە فۆنۆلۆژییانەن، کە لەناو کەرەستە خاوەکانی پێڕەوەکەدا هەڵگیراون.

هێڵکاریی (١)





مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 11، العدد 2(2025) ؛ عدد الصفحات (10)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v11n2y2025.pp33-42
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 18 كانون الأول 2024؛ قُبل في 26 كانون الثانى 2025؛ نُشرت في 20 نيسان 2025؛
البريد الإلكتروني للمؤلف: sazan.mohammad@univsul.edu.iq
حقوق الطبع والنشر ©2025 سازان ظاهر سعيد. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە ئەوەمان پێدەڵێن، کە زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان وەک تۆڕێکی پێکەوەبەستراوی توند، بە شێوەیەکی چڕو ئاڵۆز وەچەپێڕەوی فۆنۆلۆژییان لەناو کۆی وەچەپێڕەوەکانی دیکەی زمانەکەدا دەستنیشانکردووە، توخمە فەرهەنگییەکانیش بە ناواخنەکانیانەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون، چونکە "زانیارییەکان پەیوەست بە فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس و واتاشەوە، بەشێکی ناواخنی (x)ەکانن، بەوەش (x) فرە زانیاریین و لە ڕیزماندا زانیارییە شاراوەکانیان دەنوێنرێن". (مەعرووف، غەریب، ٢٠٢١، ٥١).

بەوپێیە وەچەپێڕەوی فۆنۆلۆژیی، وەک بەشێک لە پێڕەوێکی گەورەتر (پێڕەوی زمان) بە زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان داگیراوەتەوە (بڕوانە هێڵکاریی (٢))، بە دەربڕینێکی تر، وەچەپێڕەوەکە بە تەواوی ئەو زانیارییانە تەنراوە، کە فۆنۆلۆژییانە ڕیزکردن و بەدواییەکداهاتنی فۆنێمەکانیان بۆ بەرهەمهێنانی دروستەو بیچمی ڕێگەپێدراو لەئەستۆدایە، ئەویش لە ئەو فۆڕمانەدا بەرجەستەدەکرێت، کە لەناو فەرهەنگی زمانێکدا لە ڕووی دروستەو سیمانتیکەوە پەیکاڵی هێمایەکی زمانیی داڕێژراون، بەوەش ڕاستیی و دروستیی بیچمە فۆنۆلۆژییە بەرهەمهاتووەکە، بەهۆی ئاگاییە فۆنۆلۆژییەکەی ئاخێوەرەوە پەسەندەکرێت.

هێڵکاریی (٢)





## ٢/١ پێکداچوونی فۆنۆلۆژیی لەگەڵ مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا

پەیوەست بەم پارەوە، گرنگە ئاماژە بە ئەوە بدرێت، وێڕای ئەوەی زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان وەک زانیاریی وابەستەی وەچەپێڕەوێکی سەربەخۆ لە فەرهەنگدا دەرفەتی هەڵگرتن و گەنجکردنیان هەن، بەڵام خودی زانیارییەکان لەبەرئەوەی لە ناواخنی سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکانی (فۆنیم)دا بە شێوەی ئەبستراکت هەڵگیراون، فۆنیمەکانیش لەو ڕوانگەیەوە، کە بەکارهێنانی تەنهاو سەربەخۆیان نیین، بۆیە پێشبینییدەکرێت زانیارییە فۆنۆلۆژییەکان سەرباری سنووری بڕگەکان، لەناو تەواوی وەچەپێڕەوەکانی دیکەی زماندا بەرجەستەبکرێن و دەرکەوتنیان هەبێت، ئەویش (ا) بەهۆی بەشداریی فۆنیمەکانەوە لە داڕشتەی هەر دەربڕاوێکی زمانییدا، وەک (بڕگە، مۆرفیم، وشە، فرێز، ڕستە، پاش__ڕستە، دەق)، (ب) خاڵی (ا)، کارلێک و پێکداچوونی نێوان وەچەپێڕەوی فۆنۆلۆژیی و پێکهاتەکانی دیکەی زمانی لێدەکەوێتەوە، لەبەرئەوە لێکدانەوەکانی وەچەپێڕەوەکە، خودی سنووری فۆنۆلۆژیی تێدەپەڕێنێت، بە جۆرێک وەچەپێڕەوەکانی دیکەی وەک (مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس)یش، هاوکات دەبنە مەودای شیکردنەوە فۆنۆلۆژییە جۆراوجۆرەکان، بەوەش پشک و دەرفەتی یەکلاکردنەوەی هەندێک لە دیاردە فۆنۆلۆژییەکانیان دەبێت، هەروەک پێکهاتەکانی (مۆرفۆفۆنۆلۆژیی و فۆنۆسینتاکس) بەڵگەی ئەو ڕاستییەن. مۆرفۆفۆنۆلۆژیی، ئەنجامی پێکداچوونی نێوان (فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی)یە. (بڕوانە (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٤)). هاوکات "بۆچوونەکانی چۆمسکییش (١٩٦٨-١٩٩٥) لەبارەی تیۆری فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان و مینیماڵ پرۆگرامەوە، هۆکاری ڕوونکردنەوەی فۆنۆلۆژییانەن پەیوەست بە سینتاکسەوە". (Al.Jalabneh, 2009, 77)، بەوەش دەکرێت فۆنۆسینتاکس بە لێکەوتەی کارلێککردنی هەردوو پێکهاتەی (فۆنۆلۆژیی و سینتاکس) پەسنبکرێت. (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: (Agoyi & Emmanuel, 2019)،


(https://www.degruyter.com/document/doi/10.1524/9783050084596.71/html)،

لەبارەی مۆرفۆفۆنۆلۆژییەوە بڕوانە هێڵکاریی (٣)و بۆ فۆنۆسینتاکسیش، بڕوانە هێڵکاریی (٤).

هێڵکاریی (٣)




هێڵکاریی (٤)




دەکرێت شێوە/ فیگەری (١) وەک مۆدێلی گشتیی فۆنۆلۆژیی، تایبەت بە دەرخستنی کەرەستە تێداهەڵگیراوەکانی فەرهەنگ بە زانیارییە فۆنۆلۆژییەکانیانەوە بکێشرێت، کە لە (Rose & Penney, 2021, 2) https://www.frontiersin.org/journals/psychology/articles/10.3389/fpsyg.2021.646713/full وەرگیراوە.

فیگەری (١)




## ٢. ئاگایی و پارامیتەری فۆنۆلۆژییانە لە زمانی کوردیدا


### ١/٢ ئاگایی فۆنۆلۆژییانە

مەبەست لە ئاگایی فۆنۆلۆژییانە، توانستی زمانیی ئاخێوەرە لەبارەی ناسینەوەی سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان (فۆنیمەکان)ی زمانێکی دیاریکراوو یاساو ڕێسا ڕێپێدراوەکانی بەکاربردنیانەوە، کە لەڕێیانەوە پێشبینیی بونیاتنانی بیچمی فۆنۆلۆژیی دروست دەکرێت، پێش درککردن، یان دەستگەیشتن بە ناوەڕۆک و ڕاستێتیی واتایی، واتە ئەگەرچی پەیکاڵبوونی واتاو فۆرم بە بنەمای ڕاست و دروستیی بۆ دروستکردنی دەربڕاوێکی زمانیی لە کوردیدا بەهادارە، بەڵام بۆ ئاخێوەری زمانێکی دیاریکراو، ئاگاییە فۆنۆلۆژییەکە بەرلە واتا، بەرهەمهاتووە فۆنۆلۆژییەکە دەناسێتەوەو وابەستەی دروستە/ بیچمەکەی دەکاتەوە. بڕوانە وشەکانی /الثقافة، الحرية، حاضر، طيب...هتد)، کە دروستەی فۆنۆلۆژیی زمانی عەرەبیی و /Think, These, ...etc/یش دروستەی زمانی ئینگلیزیین، بۆیە ئاخێوەر لەڕێی ئاگاییە فۆنۆلۆژییەکەیەوە بیچمی ئەو وشانە دەناسێتەوەو درک بەوە دەکات، کە سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکانی /ث، ة، ض، ط/ سەربە پێڕەوی فۆنیمەکانی زمانی عەرەبیین و /Th/یش، جارێک وەک /ث/و جاریکیش وەک /ذ/، دوو فۆنیمی زمانی ئینگلیزیین، بۆیە بۆ ئاخێوەری کورد، هەریەک لەو فۆنیمە ئاماژەپێدراوانە، تەنها حوکمی ئەلۆفۆنیان هەن. هەر لەوڕووەوە لە زمانی کوردیشدا، خستنەتەکێک و بەدواییەکداهاتنی ئەو فۆنیمانەی، کە نیشانە گەنجکراوەکانی ناواخنیان، بوارو دەرفەتی پێکەوەهاتن و هەڵکردنی فۆنۆلۆژییان لە زمانەکەدا بۆ دەڕەخسێنن، پەیوەست بە ئاگاییە فۆنۆلۆژییانەکەی ئاخێوەرەوە ڕوودەدات. (بڕوانە (١_ا)و بە (١_ب، پ) بەراوردیبکە). لێکەوتەی پەسنکردن و شیکردنەوەکانی سەرەوە، ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێت، کە (ئاگایی فۆنۆلۆژییانە، بە بنەمای فێربوونی کارامەیی خوێندنەوە) لە زمانێکی دیاریکراودا دادەنێت. بڕوانە:

https://www.understood.org/en/articles/phonological-awareness-what-it-is-and-how-it-works

هاوکات گرنگە ئاماژە بەوەش بکرێت، ئاگایی فۆنیمی، بەشێکە لە ئاگایی فۆنۆلۆژییانە، کە تایبەتە بە شێوازو توانای گونجاندنی ئاخێوەر لەگەڵ فۆنیمەکانی زمانێکی دیاریکراودا. بڕوانە (سەرچاوەی پێشوو). بە واتا ئاگایی فۆنیمی، توانای تێبینیکردن، بیرکردنەوەو بەکاربردنی فۆنیمە لە وشە دەربڕاوەکاندا. ئەمەش کردەی خستنەتەکێی فۆنیمەکان لە مەودای وشەکانداو بە پێچەوانەشەوە جیاکردنەوەی وشەکان بۆ سەگمێنتە پێکهێنەرەکانیان، ...هتد دەگرێتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی ئاگایی فۆنیمییەوە، بڕوانە:

https://www.readingrockets.org/reading-101/reading-101-learning-modules/course-modules/phonological-and-phonemic-awareness




لە (١_ا)دا، هەڵکردنی فۆنۆلۆژییانەی فۆنیمەکان، هەلومەرجی پێکەوەهاتنی /ش، ا، ر/ی لە دەوروبەرە فۆنۆلۆژییەکەدا ڕەخساندووە، هەڵکردنەکەش، بەهۆی گونجاویی ئەو نیشانە جیاکەرەوانەوەیە، کە هەر فۆنیمێک بە شێوەی نادیار لە ناواخنیدا هەڵگیراوەو پێکەوە بونیاتی کەسێتیی فۆنیمەکە دەنێن. لێکەوتەو ئەنجامی پێکەوە هەڵکردنەکەش، پەیوەست بە جێبەجێکردنی پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکانەوەو لە بەرهەم و دروستەی وشە فۆنۆلۆژییەکەدا خۆیدەبینێتەوە، کە پاش چێککردنەوە بەپێی ئاگایی فۆنۆلۆژییانەی ئاخێوەر، دروستەکە لە بیچمە فۆنەتیکییەکەیدا دەنوێنرێت، بەپێچەوانەوە ئاستەنگی فۆنەتیکیی بۆ دەربڕینی سەگمێنتە خراوەتەکێکەکان لە بۆتەی بیچمێکی زمانییدا دروستدەبێت و ئەوکات بەهۆی ئاگایی فۆنەتیکییەوە دەناسرێتەوە. (بڕوانە (١_ب،پ))، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە دەرکردە/ بەرهەمهاتووە فۆنۆلۆژییەکە، دەبێتە سەنگی مەحەک و دەربڕینی فۆنەتیکیی دروستەکە مسۆگەردەکات، هەروەک پێچەوانەکەشی دروستە، چونکە وەک پێشتر گوترا، ئاگاییە فۆنەتیکییەکە بەشێکە لە توانستی ئاوەزیی ئاخێوەر/ ئاگاییە فۆنۆلۆژییانەکەی.

بەوپێیە (ا) بۆ هەڵکردنی فۆنیمەکان لە دەوروبەرە فۆنۆلۆژییەکەیاندا، ئاگایی فۆنۆلۆژییانەی ئاخێوەر بەپێی نیشانە جیاکەرەوەکانی سەگمێنتەکان، بڕیاردەر دەبێت، (ب) دروستیی بیچمە فۆنۆلۆژییە بەرهەمهاتووەکە، ڕێگەدانی فۆنەتیکییانە بۆ نواندنی فۆنەتیکیی سەگمێنت/ فۆنیمەکان فەراهەمدەکات، بەپێچەوانەوە نادروستیی بیچمە فۆنۆلۆژییەکە، دەربڕینە فۆنەتیکییەکەی بلۆکدەکات، ئەوکات بیچمەکە وەک فۆرمێکی دروست، پەیکاڵی واتایەکی دیاریکراو نابێت و بەوەش بەشداریی داڕشتنی وشەکانی فەرهەنگ ناکات.

کۆتکردنی فۆنۆلۆژیی، پەکخستنی یاسایەکی فۆنۆلۆژییە لە ژینگەو دەوروبەرێکی فۆنۆلۆژیی دیاریکراودا. بۆ نموونە نەهاتنی دەنگی ڤاوڵ لە سەرەتای بڕگەو وشەی زمانی کوردیدا، بووەتە بنەماو بەهۆیەوە بەربەست بۆ داڕشتنی دروستەیەکی وەک */وورچ/ لە فەرهەنگی کوردیدا دروستدەکات و لەوەشەوە نواندنی *[وورچ] لە دەربڕینە فۆنەتیکییەکەی ئاخێوەردا کۆتدەکات. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی کۆتکردنی فۆنۆلۆژیی لە ڕووی تیۆرییەوە، (بڕوانە: ا. (Crystal, 2008, 50)، ب. ئەو لینکەی خوارەوە:

https://www.degruyter.com/document/doi/10.4159/harvard.978
0674283947.c6/pdf)

هەر لەوبارەیەوە، پێدەچێت کۆتکردنی دەرکردەی (١_پ)، پەیوەندیی بە نەهاتنی فۆنیمی /ر/ەوە هەبێت لە وەچەپێکهاتەی سەرەتای برگەی کوردیدا، بۆیە ئەمە بووەتە ڕێسایەک لە زمانەکەداو پەیڕەوکردنی، هەموو دروستە هاوشێوەکان بە ڕەهایی ڕەتدەکاتەوە، بەو جۆرەی فۆنیمی /ر/، وەچەپێکهاتەی سەرەتای هەر مۆدێلێکی برگەی زمانەکەی گرتبێت/ پڕکردبێتەوە (بڕوانە (٢)).

هەرچەندە پەیوەست بە ڕێنووسی کوردییەوە بەپێی هەندێک بۆچوون، /ر، ڕ/ لە سەرەتای وشەدا هەر بە /ر/ هێمادەکرێت و گرنگیی بە جیاوازیی نێوانیان نادرێت، بەڵام ئەم توێژینەوەیە جیاکاریی ڕێنووس پەیوەست بە هەردوو فۆنیمی /ر، ڕ/ەوە پەسەنددەکات و کار بەو بۆچوونە دەکات، کە [ر، ڕ] بەپێی فۆنەتیکی ئۆرگانیی، لە ڕووی سازگەی دروستبوون و دەربڕین/ درکاندنیشیانەوە، دوو دەنگی جیاوازن، ئەوەش دەربڕی ئەو ڕاستییەیە، کە لە بنەڕەتدا وەک دوو فۆنیمی جیاواز لە ئاوەزدا هەڵگیراون، بە بەڵگەی ئەوەی ئاخێوەر لە کاتی بەرهەمهێنان و گۆکردنیاندا، ناتوانێت ئاڵوگۆڕ بە جێکەوتەکانیان بکات و وەک ئەلتەرناتیڤی یەکتر بەکاریانبهێنێت، کەواتە هەردوو فۆنیم/ دەنگەکە لە دابەشبوونێکی تەواوکەرانەدان، چ لە وەچەپێکهاتەی سەرەتا، یان وەچەپێکهاتەی کۆتایی برگەدا (بڕوانە (٣))، هەربۆیە بە دوو ڕێنووسی جیا هێمادەکرێن و دەنوێنرێن.

گرنگە ئاماژە بەوەش بدرێت، ڕێنووس وەک پێڕەوێکی نووسین، بابەتێکی هەڕەمەکیی_ سەرپێشکیی نییە، بەڵکو بەشێک لە نواندنی خورتبیانەی فۆنیمە هەڵگیراوەکەی ناو فەرهەنگی ئاوەزیی بەرجەستەدەکات و هەر لەوڕێیەوە ئاکارە فۆنەتیکییەکەی لە دەربڕیندا نیشاندەدات، تەنانەت نائازادیی ڕوودانی فۆنیمەکان تا ئەو ڕادەیەیە، کە هەندێکجار پەیوەستە بە گۆڕینی دروستەی واتایی وشەوە، بۆیە گۆڕینی هەر فۆنیمێکیان بە فۆنیمەکەی دیکە، گۆڕینی بیچم/ دروستەی وشە فۆنۆلۆژییەکە دەهێنێتەئاراوە، ئەوەش بوونی پەیوەندیی هەمبەریی فۆنۆلۆژیی نێوان دوو فۆنیمەکە دەسەلمێنێت، بڕوانە /برین، بڕین/، کە ئەگەر وشەکان برگە برگە بکرێن، ئەوا سنووری ڕوودانی فۆنیم/ دەنگەکان، وەچەپێکهاتەی سەرەتای برگەی دووەم دەبێت.

٢. */رەش، ڕووناک، رێناس، رەوشت، رۆژگار/

٣. /ڕاستیی، ڕێبەر، ڕۆژگار، برین، برژاو/ ≠ /راستیی، رێبەڕ، رۆژگاڕ، بڕین، بڕژاو/

ڕوونکردنەوەکان دەربڕی ئەو ڕاستییەن، کە (ا) ئاگایی فۆنۆلۆژیی، وابەستەی زانیارییە فۆنۆلۆژییە هەڵگیراوەکانی ناو فەرهەنگی ئاوەزییەو پەیوەستە پێوەی، (ب) جێبەجێکردنی پێڕەوی دروستنووسین، وابەستەی ئاگایی فۆنۆلۆژییانەی ئاخێوەرە، بە واتا بنەمایەکی فۆنۆلۆژییانەی هەیەو بەپێی ئەو بنەمایە کاردەکات، (پ) خاڵی (ب) هۆکارە بۆئەوەی، ئاگاییە فۆنۆلۆژییانەکە پێش قۆناغی دەربڕین، جڵەوی چۆنیەتیی درکاندنی فیزیکیی فۆنیمەکان -دەنگ/ فۆنە دەربڕاوەکە-شی گرتبێت، هەر ئەوەش دەبێتە بنەماو نواندنە فەرهەنگییەکەی فۆنیمەکان لە سنوورو مەودای دروستەی وشەکاندا، پەیوەست بە دارشتەی فەرهەنگی کوردییەوە پەسەندەکات.

### ٢/٢ پارامیتەری فۆنۆلۆژییانە

چەشن و چۆنیەتیی ڕیزکردن و بەدوایەکداهاتنی سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان/ فۆنیمەکانە لە پەیوەندییەکی تەکنشینییدا بەپێی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردیی، بە جۆرێک فۆنۆتاکتیک نیشانەی ناواخنی فۆنیمەکان هەڵدەهێنجێت، تا بەهۆیانەوە پەیوەست بە بەکاربردن و جێبەجێکردنی یاساو ڕێساو پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکانەوە، دروستەی فۆنۆلۆژیی کوردیی، بەرهەمبێت. بە دەربڕینێکی دیکە "زانیاریی فۆنۆتاکتیکیی، پەیوەست بە چۆنیەتیی ڕیزکردنی فۆنیمەکان بۆ دروستکردنی مۆدێلەکانی برگە، لەناو ڕژێمی فۆنیمەکانی زمانی کوردییدان، واتە لەناو فەرهەنگی ئاوەزییدان" (سەعید، ٢٠٢٤، ٤٠)، هەروەها بڕوانە (katamba & Stonhan, 2006, 83)، هەربۆیە ئەو زانیارییە فۆنۆتاکتیکییانە، کە بەرپرسی پارامیتەری سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان (کۆنسۆنانت و ڤاوڵەکان)ن، کاریانپێدەکرێت و لە ڕێیانەوە، یاسابەندیی زنجیرەی یەکلەدواییەکی سەگمێنتەکان بە شێوەیەکی تەکنشینیی، دەپارێزرێت، ئەوەش بە جۆرێکە، کە جێکەوتەی ڤاوڵ -V Position لەناو پێکهاتووی برگەدا دیاریدەکات، بەوەش بەرجەستەکردنی پارامیتەری چەپکە فۆنیمەکان و ڕێکخستنیان، کە مەبەست لە ڤاوڵەکان و خستنەتەکەی دوانیی و سیانیی کۆنسۆنانتەکانن، لەناو دروستەی برگەکاندا ڕوودەدات.

گرنگە ئاماژە بەوەش بدرێت، دروستیی پارامیتەری فۆنۆلۆژییانە، بەهۆی پێڕەوی نیشانە فۆنۆلۆژییەکانەوە ڕوودەدات، بە واتا نیشانە جیاکەرەوەکان/ چەپکە نیشانەکان دەبنە سەنگی مەحەک و پێکەوەهاتنی فۆنیمەکان و هەڵکردنیان لەگەڵ یەکدا بۆ بەرهەمهێنانی فۆڕمی ڕووکەشی فۆنەتیکیی، پەسەنددەکەن. لەوڕووەوە فۆنەتیکی ئۆرگانیی، ئەو جووت/ ڕیزە دەنگ-فۆن-انە بەرهەمدەهێنێت، کە نیشانە جیاکەرەوەکانیان گونجاویی و لەباریی پێکەوەبیان هەبێت و بتوانرێت فیزیکییانە لە سنووری برگەو وشەکاندا بدرکێنرێن. (بڕوانە (٤)). بۆ نموونە نیشانەکانی [دەنگداریی و کپی]، [گیراو، خشۆک، لەرزۆک، لایەکان...هتد]. بۆ دەستخستنی زانیاریی لەبارەی پۆلکردنی دەنگەکانەوە، (بڕوانە (غەریب، ٢٠٢٣، ٦٠_٦٨))

٤. /بەدکار/ ——► [بەتکار]


لە نموونەی (٤)دا، گۆکردنی فۆنەتیکییانەی [بەد] لە /بەدکار/دا، بووەتە [بەت]، واتە فۆنیمی /د/ لە نواندنە فۆنەتیکییەکەیدا بە [ت] بەرجەستەبووە، چونکە "لە زمانی کوردییدا، گیراوە دەنگدارەکان لە کۆتایی وشەدا دەرناکەون". (مەحوی، ٢٠٠٨، بەرگی یەکەم، ٢٥٨)، کەواتە پێشبینییدەکرێت لە زمانی کوردییدا، نابرگەییە تەقاو/ گیراوەکان لە کۆتایی وشە/ برگەدا بە هەمان ئەدگارەوە ڕوونەدەن، بەڵکو بۆ نابرگەییەکی گیراوی کپ دەگۆڕێن، وەک گۆڕینی /د/ بۆ [ت] لە نموونەکەی سەرەوەدا، بەوەش ئەو دەنگانەی نابرگەیی گیراوی دەنگدارن، لەگەڵ ئەوانەی نابرگەیی گیراوی کپن، لە هەمان مەوداو ژینگەی فۆنۆلۆژیی/ فۆنەتیکییدا پێکەوە هەڵناکەن، بەڵکو لە گۆکردن و نواندنە فۆنەتیکییەکەیاندا، هاتنی یەکێکیان، هاتنی ئەوی دیکەیان بلۆکدەکات. (بڕوانە نموونەکانی (٥)و هێڵکاریی (٥))، کە دیاردەی ئارخیفۆنیم لە کۆتایی برگەی کۆتایی وشەکاندا بەرجەستەدەکەن و تێیدا گۆڕانی گیراوە دەنگدارەکانی /د، گ، ب/ بۆ گیراوی کپی /ت، ک، پ/، بەڵگەی سەلماندنی بۆچوونەکەن.

٥_ا. /سەد/ ——► [سە**ت**] CV**C**

ب. /ڕەگ/ ——► [ڕە**ک**]

پ. /کاسب/ ——► [کاس**پ**]

هێڵکاری (٥)




هێڵکاری (٥) ئەوە نیشاندەدات، کە ئارخیفۆنیم دیاردەیەکی فۆنەتیکییە، نەک فۆنۆلۆژی، بۆیە لە دەربڕیندا بەرجەستەدەبێت، هەروەک دروستبوونی ئارخیفۆنیمەکانی [ت، ک، پ] لە جێکەوتەی بێلایەنبووندا (وەچەپێکهاتەی کۆتایی بڕگە)و لە دەربڕینە فۆنەتیکییەکەدا ڕوویانداوە، بەوەش بێلایەنبوون دەبێتە مەرجێکی یەکلاکەرەوەی ئارخیفۆنیم لە زماندا، ئەویش لەوڕووەوەیە، کە "فۆنیم بە یەکەی هەمبەری contrast or opposition unit دانراو هەمبەرییەکەش دەشێت بێلایەن بێت و ئەمەیش پێشنیازکردنی ئارخیفۆنیمی سەپاند" (مەحوی، ٢٠٠٨، بەرگی یەکەم، ٢٧٩). بەوپێیە فۆنۆتاکتیک (ا) وێڕای پەیوەستبوونی بە پارامیتەری فۆنۆلۆژییانەی فۆنیمەکان و ڕێگەدان بە چۆنیەتی ڕیزبوون و پێکەوەهاتنیان، (ب) جێکەوتەی دەرکەوتنی دەنگە قاوڵ و کۆنسۆنانتەکانیش لەناو دروستەی بڕگەدا دیاریدەکات. بڕوانە جێکەوتەی بێلایەنبوون، کە وەچەپێکهاتەی کۆتایی بڕگەیەو بە جێکەتەیەکی خورتی ئەو دەنگانە دادەنرێت، کە فۆنەتیکییانە حوکمی ئارخیفۆنیمیان لە زماندا هەن، واتە ئەو دەنگانەی لە بنەڕەتدا هەڵگری نیشانەی جیاکەرەوەی [+ گیراوی دەنگدار]ن و لە جێکەوتەی کۆتاییدا ئاکارە فۆنەتیکییەکەیان بەرجەستەدەکەن، ئەوا بەهۆی جێکەوتەی دەرکەوتنیانەوە، فۆنەتیکییانە لەو نیشانەیە دەکەون، هەمبەر بەوە، نیشانەی جیاکەرەوەی [+گیراوی کپ] دەبێتە ئەلتەرناتیف و جێگرەوەی نیشانە زگماکییە بنەڕەتییەکەیان و پێیدەناسرێنەوە، ئەوەش بارو کەسێتیی فۆنیمێکی جیاواز نیشاندەدات و دروستەکە دەگۆڕێت، بێئەوەی گۆڕانی واتایی بە دوای خۆیدا بهێنێت. (بۆ زانیاریی لەبارەی بێلایەنبوون و ئارخیفۆنیمەوە، بڕوانە (مەحوی، ٢٠٠٨، بەرگی دووهەم)، (Akamatsu, T. (2021)).

لەلایەکی ترەوە گرنگە ئەوەش بگوترێت، پارامیتەری دەنگە بەئارخیفۆنیمبووەکان لەناو مۆدێلە جیاوازەکانی بڕگەدا، پەیڕەوی هەردوو مۆدێلی (CVC, CVCC) دەکەن، بە جۆرێک وەک گوترا ئارخیفۆنیم وەچەپێکهاتەی کۆتایی بڕگە دەگرێت، بەوەش ئەو وەچەپێکهاتەیە بە جێکەوتەی بێلایەنبوون بۆ گۆکردنی دەنگە گیراوە (لەدەنگداریی- خراوەکان) دادەنرێت، سەرباری ئەوەی، هەردوو مۆدێلەکەش لە جۆری بڕگەی داخراون. هاوکات مۆدێلی (CVCC)ش ئەوە دەردەخات، کە هەرچەندە پێدەچێت ئارخیفۆنیم هەندێکجار لەگەڵ دەنگێکی تردا خستنەتەکەی دوانییان هەبێت، بەڵام دوا دەنگی چەپکە کۆنسۆنانتەکە، حوکمی ئارخیفۆنیمی دەبێت، بەوەش جێکەوتەکەی چەسپاوو پارێزراو دەبێت. (بڕوانە (٥ـت) و بە (٥ـا) بەراوردییکە)، کە (٥ـا) مۆدێلی (CVC)و (٥ـت)یش مۆدێلی (CVCC) نیشاندەدات.

٥ـت. /مەرد/ ⟵ [مەر**ت**] CVC**C**

جێی سەرنجە ئارخیفۆنیم، جۆرێکی ئەلۆفۆنەو تایبەتمەندیی و ئەدگاری هاوبەش و ناوکۆیی لەنێوانیاندا هەن، بەوەی هەردووکیان چەشنێکن لە جۆراوجۆریی ئازادی دەنگەکان، سەرەڕای بەرجەستەکردنی هەمان واتا لە هەردوو دروستە فۆرمگۆڕاوەکەدا، بەڵام لە جێکەوتەی ڕوودان و جۆری سەگمێنتە پێکهێنەرەکانیاندا، لەیەکجیادەبنەوە، بە جۆرێک (ا) پەیوەست بە جێکەوتەی ڕوودانەوە، بە گشتیی ئەلۆفۆن سنووری ڕوودان و بەرجەستەکردنی، سەرەتای بڕگە Onset ە، (ب) جگەلەوەی ئەو جووتە دەنگانەش دەبنە ئەلۆفۆنی هەمان فۆنیم، کە دەشێت یەکێکیان لە زمانی کوردییدا پلەی فۆنیمی نەبێت، بەڵکو تەنها لە دەربڕینە فۆنەتیکییەکەی وشەدا سەرپشکییانە بەرهەمدێت، (پ) بەپێی خاڵی (ب)، ئەو دەنگانەی گۆکردنی ئەلۆفۆنیان هەن، زۆرینەی کات هەردووکیان ئەدگاری کۆنسۆنانتی کپیان هەن، بەوەش فیچەری [± دەنگداریی]، بۆ ناسینەوەی ئەلۆفۆن بەهادار نییەو نابێتە پێتی دیاریکردن و دەرخستنی جیاوازییان. (بڕوانە (٦)و دیاریکردنی نیشانە جیاکەرەوەکانی /س/، [ص] لە (٧، ٨)دا). نموونەی (٦) ئەوە دەردەخات، کە "فۆنیمەکان لەگەڵ ئەلۆفۆنێک، یان دەستەیەک لە ئەلۆفۆنەکانیاندا پەیکاڵی یەک دەبن و لە چێوەی دروستەیەکی دەنگیی فۆنەیتیکییدا، هەمان واتا بە بیچمێکی جیاوازەوە هەڵدەگرن" (مەعرووف، سەعید، ٢٠١٨، ٨٧).

٦. /سەوزە/ ⟵ [سەوزە]، [صەوزە]
↓
ئەلۆفۆن

٧. /س/
+ فۆنیم
+ کۆنسۆنانت
+ خشۆک
+ جێکەوتەی سەرەتای بڕگە

٨. [ص]
+ ئەلۆفۆن
+ کۆنسۆنانتی پان
− فۆنیم لە کوردییدا
+ جێکەوتەی سەرەتای بڕگە

هەمبەر بەو خاڵانەی سەرەوە تایبەت بە پەسنکردنی ئەلۆفۆن، (ا) ئارخیفۆنیم لە وەچەپێکهاتەی کۆتایی بڕگەدا، کە جێکەوتەی بێلایەنبوونە، دەرکەوتنی دەبێت، (ب) لە دەربڕینداو تەنها بەهۆی ئەو جووتە دەنگانەوە دروستدەبێت، کە لە ئاوەزی ئاخێوەردا بەشێکن لە ڕژێم/ پێڕەوی فۆنیمەکانی زمانی کوردیی، واتە وەک فۆنیم لە فەرهەنگەکەیدا هەڵگیراون و دارشتەی فەرهەنگیی وشەکان پێکدەهێنن، بەڵام لەگەڵئەوەشدا، ئارخیفۆنیم لە دەربڕین و نواندنە فۆنەتیکییەکەدا بەرجەستەدەبێت، نەک لەسەر ئاستی فۆنیمی، (پ) لە ئارخیفۆنیمدا، نیشانەی جیاکەرەوەی [± دەنگداریی]، ئەدگارێکی زاڵ و بنەڕەتیی جیاکردنەوەی دەنگە بەئارخیفۆنیمبووەکانەو پێیدەناسرێنەوە. (بڕوانە (٩)و دیاریکردنی نیشانە جیاکەرەوەکانی هەردوو دەنگەکە لە (١٠ـا، ب)دا). هەروەک

(شیکردنەوەی نیشانە جیاکەرەوەکانیش، یەکێکە لە ڕێبازە گرنگەکان و پشت بەو بنەمایە دەبەستێت، کە فۆنیمەکان یەکەی سەربەخۆ نین، بەڵکو هەر فۆنیمێک، لە یەکگرتنی نیشانە جیاکەرەوەکان/ چەپکە نیشانەکان پێکدێت). (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە (ROACH, 2009, 102))، کە هەموویان پێکەوە، جۆری فۆنیمەکە پەسندەکەن.

٩. /مهاباد/ ⟵ [مهاباد]، [مهابات]
↓
ئارخیفۆنیم

١٠_ا. /د/
+ فۆنیم لە کوردییدا
+ دەنگدار
+ جێکەوتەی کۆتایی بڕگە

ب. [ت]
+ فۆنیم لە کوردییدا
+ ئارخیفۆنیم
− دەنگدار
+ جێکەوتەی کۆتایی بڕگە/ جێکەوتەی بێلایەنبوون

## ٢/٢_١ پارامیتەری دەنگە گیراوەکان

پێڕەوی دەنگەکانی زمانی مرۆڤ، بڕگەیی و نابڕگەییەکان (ڤاوڵ و کۆنسۆنانتەکان) دەگرێتەوە، لەناویاندا سروشت و تایبەتمەندیی ئۆرگانیی هەر دەنگێک لە ڕوانگەی فۆنەتیکی بەرهەمهێنان و فیزیکیی/ ئەکوستیکییەوە، پەیوەست بە میکانیزمی دروستکردن و درکاندنیانەوە دیاریکراوەو لەڕێی نیشانە جیاکەرەوەکانیانەوە وەک فیچەرە هەڵگیراوەکانی ناواخنی سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکەی فۆنیم، دەنوێنرێن. بەوپێیە دەنگەکان بەسەر چەند پۆلێکی جیادا دابەشکراون. هەروەک دەنگە نابڕگەییەکان/ کۆنسۆنانتەکان پۆلی (گیراوەکان، خشۆکەکان، گەروویی و دەنگە ژێیەکان، ئەفریکات، لوتییەکان، دەنگە لاییەکان، دەنگە لەرزۆکەکان، نیمچە نابڕگەییەکان) لەخۆدەگرن. (بڕوانە (غەریب، ٢٠٢٣، ٦٠_٦٨)). لەوڕووەوە، لەبەرئەوەی چەندێتیی دەنگە بڕگەیی و نابڕگەییەکان زۆرو فرەچەشنن، بۆیە لە چێوەی ئەم توێژینەوەیەدا، تەنها نابڕگەییەکان و لەناو ئەوانیشدا جۆری (گیراوو خشۆکەکان) وەک مۆدێل وەردەگیرێن و پەیوەست بە پارامیتەری فۆنۆلۆژییەوە کار لەسەر خستنەتەکیەکی دوانییان دەکرێت. نابڕگەییە گیراوەکان لە کاتی درکاندندا بەربەستیان بۆ دروستدەبێت، بە جۆرێک تەسکبوونەوە لە ڕێڕەوی هەوادا بە تەواویی ڕوودەدات و ئەوەش وادەکات دەنگە تەقاوەکان/ گیراوەکان دروستببن. (بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە (مەحویی، ٢٠٠٨، بەرگی دووهەم، ١٥٤ ))، ئەوانیش دەنگەکانی [ب، پ، ت، د، ک، گ، ق، ئـ] دەگرنەوە، بۆ خستنەڕووی فیچەری [± دەنگداریی]یان، بڕوانە خشتەی (١). دەنگەکانی [ف، ڤ، س، ز، ش، ژ] ش، بە نابڕگەییە خشۆکەکان پەسنکراون، (بڕوانە دواتر).

خشتەی (١)

| نابڕگەییە گیراوەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|
| [+کپ] | پ | ت | ک | ق |
| [+دەنگدار] | ب | د | گ | —— |

شایانی گوتنە، نابڕگەییە گیراوەکان لەناو خۆیاندا خاوەنی تایبەتمەندیی جیاوازن، بۆیە مەرجێکی ڕەها بۆ پێکەوەهاتن و گونجانیان لەنێو دروستەی بڕگەدا لەئارادا نییە، بەڵکو لە تاقیکردنەوەی نموونەکانەوە دەتوانرێت ئەوە هەڵبهێنجرێت، کە فۆنۆتاکتیکی کوردیی، فیچەری ئەو دەنگانە بۆ خستنەتەکیەکی دوانیی لە مەودای بڕگەیەکدا کۆدەکاتەوە، یان نا، چونکە لە ڕیزکردن و خستنەتەکیەکی فۆنۆلۆژییانەدا، بە تەنها ڕووکەشی سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکان گرنگ و بەهادار نین، بەڵکو هەڵکردنی فۆنۆلۆژییانە بۆ نیشانە جیاکەرەوەکانی ئەو سەگمێنتانە، جێی بایەخن، بەتایبەت لەنێو ئەو دەنگانەی، سەر بە هەمان پۆلی جیاکەرەوەی (گیراو، خشۆک،....هتد)ن، چونکە هەندێکجار بە تەنها یەک نیشانەی جیاکەرەوە لە پەیوەندیی جێنشینییدا، هەلومەرجی پەیوەندیی هەمبەریی پارادیگمایی بۆ بەرهەمهێنانی گچکەترین جووت دەڕەخسێنێت. (بڕوانە دیاریکردنی نیشانە جیاکەرەوەکانی [ب، پ] لە (١١_ا،ب)دا).

١١_ا. [ب]
+ نابڕگەیی
+ گیراو
+ لچولێویی
+ دەنگدار

ب. [پ]
+ نابڕگەیی
+ گیراو
+ لچولێویی
− دەنگدار

خستنەتەکیەکی دوانیی هەندێک لە نابڕگەییە گیراوەکان بە جۆرێکە، کە نیشانەکانیان پەیوەست بە [± دەنگداریی]یانەوە، پێناچێت لەناو لێکسیمێکی فەرهەنگییدا هەڵبکەن و بچنەتەکیەک، بەتایبەت دەنگەکانی [ب، گ] بە سەرەوڕیزبوونی [گ-ب]ەوە، بۆیە بەو پارامیتەرەوە لەناو بڕگەو وشەی کوردییدا نابینرێن (بڕوانە (١٢_ب))، هەمبەر بەوە پێکەوەهاتنی [ب-گ] بەو پارامیتەرەوە، پێشبینییکراوەو ڕوودەدات. بڕوانە لێکسیمی /بگۆڕ/. وێڕای ئەوەی، لە دەوروبەری سینتاکسیی شکانەوەی ڕەگی کردارەکاندا، هەمان سەرەوڕیزبوونی [ب-گ] لە بەرهەمهێنانی ڕێژەی داخوازییدا بەهۆی لاگری /بـ_/ەوە ڕوودەدات (بڕوانە (١٢_ا)). هاوکات چەپکە کۆنسۆنانتی دوانیی گیراوی [+دەنگدار]و [+کپ]یش، هەمان لێکدانەوە هەڵدەگرن. (بڕوانە (١٣)) بۆ ڕیزبەندیی دەنگەکانی [ب-پ]، لە بەرامبەردا دەنگێکی [+گیراوی کپ]، جێکەوتەی نابڕگەیی پێش دەنگێکی [+ گیراوی دەنگدار] دەگرێت، بۆیە تەرزی سەرەوڕیزبوونی چەپکە کۆنسۆنانتی دوانیی لەو چەشنە ڕێگەپێدراوە. (بڕوانە (١٤)). هەڵکردنی فۆنۆلۆژیی گیراوەکانیش بە نیشانەی [+کپ]ەوە، خستنەتەکیەکی دوانیی بۆ دەنگەکانی [ت، ک] بە ڕیزبەندیی [ت-ک]ەوە دروستدەکەن. (بڕوانە (١٥)). جێی

سەرنجە، وەک پێشتر ئاماژەپێدراوە، لەم توێژینەوەیەدا تەنها خستنەتەکیەکی دوانیی نابڕگەییەکان کاری تێداکراوە، بەوەش (١) لەلایەک خستنەتەکیەکی سیانییان بەهەندوەرنەگیراوە، (٢) لەلایەکی دیکەشەوە، بزرۆکە [i] بە ڤاوڵێکی بێدەنگ Silent دانراوە، بۆیە لەنێوان جووتە فۆنیمە خراوەتەکیەکەکانی نێو بڕگەکاندا، بە دەنگێکی نەبوو هەژمارکراوە.

١٢_ا. /ب/ + /گ/ ← [بگ]
/ب/ ↓ (+ گیراو، + دەنگدار)
/گ/ ↓ (+ گیراو، + دەنگدار)

بڕوانە فۆڕمی کرداری داخوازیي [بگرە].

ب. /گ/ + /ب/ ← *[گب]

١٣. /ب/ + /پ/ ← [بپ]
/ب/ ↓ (+ گیراو، + دەنگدار)
/پ/ ↓ (+ گیراو، + کپ)

بڕوانە فۆڕمی کرداری داخوازیي [بپرسە].

١٤. /ک/ + /گ/ ← [کگ]
/ک/ ↓ (+ گیراو، + کپ)
/گ/ ↓ (+ گیراو، + دەنگدار)

بڕوانە پارامیتەری /ک-گ/ لە لێکسیمی /یەکگرتن/دا.

١٥_ا. /ت/ + /ک/ ← [تک]
/ت/ ↓ (+ گیراو، + کپ)
/ک/ ↓ (+ گیراو، + کپ)

بڕوانە پارامیتەری /ت-ک/ لە لێکسیمی /تکا/دا.

## ٢/٢_٢ پارامیتەری دەنگە خشۆکەکان

هەروەک لە وەچەپاری پێشوودا ئاماژەپێدرا، نابڕگەییە خشۆکەکان بە دەنگەکانی [ف، ڤ، س، ز، ش، ژ] دیاریکراون، هەرچەندە لە زمانی ئینگلیزییدا سەرباری ئەو دەنگانە، [ث، ذ]ش بە دەنگە خشۆکەکان دانراون. (ROACH, 2009, 40)، کە لە فیچەری [± دەنگداریي]دا هاوشێوەی نابڕگەییە گیراوەکان، پشتبەستوو بە ئەدگاری فۆنەتیکییانەیان لەیەکجیاکراونەتەوە. (بڕوانە خشتەی (٢)). بەوەش "کۆنسۆنانتە خشۆکەکانیش، "دەنگداریي" بۆ جیاکردنەوەی وشەکان نیشاندەدەن" (مەحویی، ٢٠٠٨، بەرگی دووهەم، ٢٢٧). ئەم دەنگانە کاتێک بەرهەمدێن، کە (تەسکبوونەوەو داخستنی ئۆرگانەکان لە جێکەوتەیەکی وەک (لچولێو، دانەکان، پووک، ...هتد)دا بە جۆرێک ڕوودەدات، کە خشاندنێک دروستدەکەن)، بۆیە بە (خشۆک) ناودەبرێن. (بڕوانە (سەرچاوەی پێشوو، ١٥٤)).

خشتەی (٢)

| نابڕگەییە خشۆکەکان | | | |
|---|---|---|---|
| [+کپ] | ف | س | ش |
| [+دەنگدار] | ڤ | ز | ژ |

لەوبارەیەوە لەناو نابڕگەییە خشۆکە دەنگدارەکاندا، پێناچێت سەرەوڕیزبوون و بەدواییەکداهاتنی دوانیي دەنگەکانی [ڤ، ز، ژ]، لە پەیوەندییەکی تەکنشینییدا بە ڕیزبەندیي زنجیرەیي [ڤ-ز]، [ز-ڤ]، [ڤ-ژ]، [ژ، ڤ]، [ژ-ز]، [ز-ژ] ڕوو‌بدات، بۆ ئەوەش فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردیي، پارامیتەری فۆنۆلۆژیي ئەو دەنگانەو پێکەوەهاتنیان ڕەتدەکاتەوە، بڕوانە نموونەکانی (١٦، ١٧)، کە ئەوە دەخەنەڕوو، پێدەچێت ئەدگاری فۆنەتیکییانەی دەنگەکانی [ڤ، ز، ژ]، کە [ڤ] بەپێی فۆنەتیکی ئۆرگانیي [+ لێویي و ددانیي] و [ز، ژ]ش [+ ددانیي] و فیزیکییانە لە چەشنی دەنگە خشۆکەکانن، سیمای [+ دەنگداریي]یان، دەرفەتی لەبارو گونجاو بۆ پێکەوەهاتنیان نەڕەخسێنێت، بە دەربڕینێکی تر، ناتوانرێت لەناو دەنگە خشۆکەکاندا، ئەوانەی هەڵگری هەمان پۆلی جیاکەرەوەن بە نیشانەی [+ دەنگداریي]یەوە، پەیوەندیي تەکنشینیي لەگەڵ یەکدا دروستبکەن و بۆ بەرهەمهێنانی پێکهاتوو/ بیچمێکی دروست لە فۆنۆلۆژیي کوردییدا، بخرێنەتەکیەک. هاوکات لە نموونەکانی (١٨)ەوە ئەوە هەڵدەهێنجرێت، کە فۆنۆتاکتیکی زمانەکە، ڕێگە بە پارامیتەری فۆنۆلۆژییانەی دەنگەکانی [ف-ڤ، ڤ-ف] نادات، کە دەنگی [ف] بە پێچەوانەی [ڤ]ەوە، [+کپ]ە، بەوەش "چاوەڕێدەکرێت، کە /ڤ/ نەتوانێت لەگەڵ /ف/دا هیچ گچکەترین جوتێک دروستبکات" (مەحویي، ٢٠١٦، ٤٦٣)، لەبەرئەوە نموونەکانی (١٦_١٨)، بە نا_وشە دادەنرێن، کەچیی بۆ هەندێک لە دەنگە خشۆکەکان وەک [ز، س]، کە بەهۆی فیچەری [± دەنگداریي]یەوە لە پەیوەندیي هەمبەرییدان (بڕوانە (١٩))، فۆنۆتاکتیکی زمانەکە دەستەبەری پارامیتەری فۆنۆلۆژییانەیان دەکات و هەلومەرجی خستنەتەکیەکیان بۆ دەڕەخسێنێت، بەوەش لە سنووری بڕگەکاندا پێکەوە هەڵکردنیان دەبێت. (بڕوانە (٢٠_ا،ب)). کۆی ئەو زانیاییە فۆنۆتاکتیکییانەش، لە ئاگاییە فۆنۆلۆژییەکەی ئاخێوەردا هەن و درکیانپێدەکرێت، بۆیە ئاخێوەر هەر بەو ئاگاییە فۆنۆلۆژییەیەوە پارامیتەری فۆنۆلۆژیي زمانەکەی پەیڕەودەکات و بیچمی فۆڕم_دروست لە فەرهەنگەکەیدا دادەڕێژێت، لەبەرئەوەی وەک پێشتر ئاماژەپێکرا، هەموو ئەو زانیارییانە، زانیاریي بنەڕەتیي و بنەمایین و وەک نیشانەی جیاکەرەوە، لەناو فۆنیمەکانی زمانەکەدا بۆ ناسینەوەی بارو کەسێتیي فۆنیمەکە، هەڵگیراون.

١٦_ا. /ڤ/ + /ز/ ← *[ڤز]
/ڤ/ ↓ (+ خشۆک، + دەنگدار)
/ز/ ↓ (+ خشۆک، + دەنگدار)

ب. /ز/ + /ڤ/ ← *[زڤ]

١٧_ا. /ڤ/ + /ژ/ ← *[ڤژ]
/ڤ/ ↓ (+ خشۆک، + دەنگدار)
/ژ/ ↓ (+ خشۆک، + دەنگدار)

ب. /ژ/ + /ڤ/ ← *[ژڤ]

شایانی ئاماژەپێکردنە، ئەو سەرەوڕیزبوونانەی لەم توێژینەوەیەدا کۆتکراون و بە نا__وشە هەژمارکراون، ئەوانەن، کە لە شێوەزاری سلێمانییدا پەیکاڵی واتایەکی دیاریکراو نین، چونکە نموونەکان لەو شێوەزارەوە وەرگیراون و تاقیکراونەتەوە، بەڵام مەرج نییە لە شێوەزارەکانی تری زمانی کوردییدا هەمان حوکمیان هەبێت، بەپێچەوانەوە دەشێت هەمان ئەو پێکەوەهاتنانە، بەشێک لە بیچمی وشە فەرهەنگییەکانی زار/ شێوەزارێکی تر پێکبهێنن. بۆ نموونە بۆ سەرەوڕیزبوونی فۆنیمەکانی /ڤ/+ /ز/ لە سنووری فۆرمی وشەیەکی فەرهەنگییدا، بڕوانە وشەکانی /ڤز/: (سست، خاو)، /ڤزبون/: (١. شلبوونەوە لە کارکردن، ٢. خاوبوونەوە)، /ڤزک/: (١. چەقۆی دەم پان، ٢. مزراح)، /ڤزە/: (پرخە). بۆ بەدوایەکداهاتنی /ڤ/ + /ژ/ش، بڕوانە وشەکانی /ڤژ/: (١. جۆرێ دەنگ وەک دەنگی گوللە و بەردەقۆچانێ، ٢. دەنگی ئاو، کە بە تەوژم دەرپەڕێ)، /ڤژانەوە/: (بورانەوە). (هەژار، ١٣٨١، ٥٣٢). ڕوونکردنەوەکە بۆ سەرەوڕیزبوونە ڕێپێنەدراوەکانی تریش ڕاستە.

١٨_أ. /ف/ + /ڤ/ ⟵ *[فڤ]

ب. /ڤ/ + /ف/ ⟵ *[ڤف]

١٩. /زاوا، /ســاوا/ ⟵ پەیوەندیی هەمبەریی

٢٠_ا. /ز/ + /س/ ⟵ [زس]

(+ خشۆک + دەنگدار) (+ خشۆک + کپ)

بڕوانە پارامیتەری /ز-س/ لە لێکسیمی /زستان/دا.

ب. /س/ + /ز/ ⟵ [سز]

(+ خشۆک + کپ) (+ خشۆک + دەنگدار)

بڕوانە پارامیتەری /س-ز/ لە لێکسیمی /سزا/دا.

بەپێی نموونەکانی (٢٠_ا،ب)، لەناو پۆلی دەنگە خشۆکەکاندا، دەشێت پێکەوەهاتنی هەردوو فیچەری [+ دەنگدار، + کپ] بە پارامیتەری [خشۆکی دەنگدار- خشۆکی کپ]، [خشۆکی کپ-خشۆکی دەنگدار] ڕوویدات، وێڕای ئەو هەڵکردنانە، خستنەتەکێی فۆنۆلۆژیی بۆ دەنگەکانی [ف، ش] بە هەردوو پارامیتەری [ف-ش، ش-ف] بەکارە، بەوەش بەو سەرەوڕیزبوونانەوە بەشداریی دارشتەو مۆدێلەکانی بڕگەی کوردیی دەکەن. (بڕوانە (٢١)).

٢١_ا. /ف/ + /ش/ ⟵ [فش]

(+ خشۆک + کپ) (+ خشۆک + کپ)

بڕوانە پارامیتەری /ف-ش/ لە لێکسیمی /فشۆڵ/دا.

ب. /ش/ + /ف/ ⟵ [شف]

(+ خشۆک + کپ) (+ خشۆک + کپ)

بڕوانە پارامیتەری /ش-ف/ لە لێکسیمی /شفتە/دا.

### ٢/٢_٣ پارامیتەری دەنگە گیراوو خشۆکەکان

پارامیتەری دوانیی فۆنۆلۆژییانە لەنێوان دەنگە گیراوو خشۆکەکاندا بە جۆرێکە، کە فۆنۆتاکتیکی کوردیی، بەپێی زانیاریی ناواخنی فۆنیمەکان، ڕێگەپێدان بۆ خستنەتەکێک و پێکەوەهاتنیان لەناو دروستەی بڕگەکاندا دەڕەخسێنێت، بۆ ئەوەش، نیشانەی جیاکەرەوەی [± دەنگداریی]، بۆ هەریەکێکیان بەهەندوەرگیراوەو کراوەتە بنەمای هەڵکردنی فۆنۆلۆژییانەیان، یان بە پێچەوانەوە. لەو ڕوانگەیەوە، خستنەتەکێی دوانیی دەنگەکان بە تەرزی جیاواز (ا) لەلایەک لەڕووی پۆلی [+گیراو]، [+خشۆک]یانەوە، (ب) لەلایەکی ترەوە بە جیاوازیی فیچەری [± دەنگداریی]یانەوە بۆ هەر جووتە پێکەوەهاتنێک لە چەند تەرزێکدا شێوازبەندکراوە، تا ئەوە تاقیبکرێتەوە کام مۆدێل و تەرزانە لە زمانەکەدا باوو ڕێگەپێدراون، کامانەشیان بەو ڕیزبەندیی و پارامیتەرەوە گۆناکەن و پێشبینیی ڕوودان و هەڵکردنیان ناکرێت. (بڕوانە (٢٢))، کە تێیدا خستنەتەکێی دوانیی فۆنیمەکان، بۆ ئەو دروستانە تاقیدەکرێتەوە، کە تێیاندا دەنگە گیراوەکان جێکەوتەی سەرەتا لە دروستەکەدا دەگرن، پاشان دەنگە خشۆکەکان بە دوایاندا دێن.

٢٢_ا. /د/ + /ژ/ ⟵ [دژ]

(+ گیراو + دەنگدار) (+ خشۆک + دەنگدار)

ب. /د/ + /ش/ ⟵ [دش]

(+ گیراو + دەنگدار) (+ خشۆک + کپ)

پ. /ق/ + /ژ/ ⟵ [قژ]

(+ گیراو + کپ) (+ خشۆک + دەنگدار)


ت. /ک/ + /س/ ⟵ [کس]

(+ گیراو + کپ) (+ خشۆک + کپ)


بڕوانە پارامیتەری /ک-س/ لە لێکسیمی /کسپە/دا.

نموونەکانی (٢٢)، بۆ خستنەڕوو و نواندنی ئەو جووتە پێکەوەهاتنانە بوون، کە لەنێوان دەنگە (گیراو، خشۆک)ەکاندا ڕوویانداوە، تێیدا دەنگە گیراوەکان، جێکەوتەی دەنگی یەکەمیان لە سەرەوڕیزبوونەکەدا گرتووە. هەمبەر بەوە پارامیتەری خستنەتەکێی دوانییان بە پێچەوانەوە ئەزموونەکرێت، بە جۆرێک دەنگە خشۆکەکان

جێکەوتەی پێش دەنگە گیراوەکان بگرن، ئەویش هەروەک پێشتر، بە چەند تەرزێکی جیاوازی پەیوەست بە فیچەری [± دەنگداریی]یانەوە تاقیدەکرێتەوە. (بڕوانە (٢٣)).




بڕوانە پارامیتەری /س-ب/ لە لێکسیمی /سبەینێ/دا.




ئەزموونکردنی نموونەکانی (٢٢) ئەوەمان پێدەڵێن، کە پارامیتەری فۆنۆلۆژییانەی نێوان دەنگە گیراوو خشۆکەکان بە جۆرێکە، کە فۆنۆتاکتیکی کوردیی، ڕێگە بە دەنگە گیراوەکان دەدات، بە هەردوو نیشانەی [+دەنگداریی]، [+کپیی]یەوە، وەچەپێکهاتەی سەرەتای بڕگە بگرن و لە پێش دەنگە خشۆکەکانەوە گۆبکرێن، کەچیی مەرج نییە ئەو دروستانەی پارامیتەری [خشۆک-گیراو] یان هەن، بە واتا دەنگە خشۆکەکان جێکەوتەی پێش دەنگە گیراوەکانیان گرتبێت، دەرفەتی پڕکردنەوەی هەموو تەرزەکانی مۆدێلەکەیان بەپێی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردیی هەبێت، (بڕوانە تەرزە جیاوازەکانی (٢٣_ا،ب))، کە تێیدا سەرەوریزبوونەکانی [خشۆکی دەنگدار-گیراوی دەنگدار]، [خشۆکی دەنگدار-گیراوی کپ]، دەرفەتی خستنەتەکیەکی دوانییان لە شێوەزارەکەدا پێشبینییکراو نییەو ڕوونادات، ئەم ئەدگارەش، وەک پێڕەوی فۆنۆتاکتیکی زمانەکە دەناسرێت.

## ئەنجام

1. بەوپێیەی ئاگایی فۆنۆلۆژیی، پەیوەستە بە زانین و دەسەڵاتشکانەوەی ئاخێوەرەوە لەبارەی کۆی زانیارییە فۆنۆلۆژییە هەڵگیراوەکانی ناو فەرهەنگی ئاوەزییەوە، لەناویشیاندا توانستی فۆنۆلۆژیی ئاخێوەر لەبارەی ناسینەوەی کەسێتیی سەگمێنتە فۆنۆلۆژییەکانی زمانەکەی _فۆنیم_و بەکاربردنی یاساو ڕێسا فۆنۆلۆژییە باوەکان لەبارەیانەوە، بونیاتنانی دروستەی فۆنۆلۆژیی بێکەموکوڕیی لە زمانەکەدا پێشبینییکراو دەبێت، ئەمەش بە جۆرێک ڕوودەدات، کە ئاگاییە فۆنۆلۆژییەکە دەرفەتی خستنەتەکیەک و پێکەوەهاتنی فۆنیمەکان پەیوەست بە زانیارییە تێداهەڵگیراوەکانیانەوە بۆ دروستکردنی دروستە فۆنۆلۆژییەکە فەراهەمدەکات، بەوەش پارامیتەری فۆنۆلۆژییانە پەیوەست بە دروستەی کوردییەوە جێبەجێدەکرێت.
2. پارامیتەری فۆنۆلۆژیی سەگمێنتەکان بە جۆرێکە، کە وێڕای پۆلەکانیان، پشت بە نیشانەی جیاکەرەوەی [± دەنگداریی]یان دەبەستێت. بۆ ئەوەش سەرەوریزبوونی هەریەک لە دەنگە (گیراو، خشۆک)ەکان، پاشان دەنگە (گیراوو خشۆکەکان)یش پێکەوە، مۆدێلی جیان، بۆیە خستنەتەکیەکی دوانییان چەند تەرزێکی جیاوازی دەبێت. لەوبارەیەوە: (ا) پارامیتەری نێوان دەنگە گیراوەکان بە جۆرێکە، کە دەرفەتی سەرەوریزبوون و هەڵکردنیان بەپێی تەرزەکانی [گیراوی دەنگدار- گیراوی دەنگدار]، [گیراوی دەنگدار-گیراوی کپ]، [گیراوی کپ-گیراوی دەنگدار]، [گیراوی کپ-گیراوی کپ] ڕوودەدات. (ب) لەناو پۆلی دەنگە خشۆکەکاندا، دەشێت پێکەوەهاتنی هەردوو فیچەری [+ دەنگداریی، + کپیی] بە پارامیتەری [خشۆکی دەنگدار-خشۆکی کپ]، [خشۆکی کپ-خشۆکی دەنگدار]، [خشۆکی کپ-خشۆکی کپ] ڕووبدات، جگەلە [خشۆکی دەنگدار-خشۆکی دەنگدار]، کە فۆنۆتاکتیکی زمانەکە دەرفەتی پێکەوەهاتنی دوو دەنگ بەم نیشانانەوە نارەخسێنێت. (پ) بۆ پارامیتەری نێوان دەنگە گیراوو خشۆکەکانیش، جگەلە سەرەوریزبوونی نێوان [خشۆکی دەنگدار-گیراوی دەنگدار]، [خشۆکی دەنگدار-گیراوی کپ]، تەواوی تەرزە جیاوازەکانی دیکەی خستنەتەکیەکیان بە فیچەری [±دەنگداریی]یەوە، بەپێی فۆنۆتاکتیکی زمانەکە لەبارەو ڕوودەدات.

## لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| Archiphoneme | ئارخیفۆنیم |
| Awareness | ئاگایی |
| Phonological awareness | ئاگایی فۆنۆلۆژییانە |
| Phonemic awareness | ئاگایی فۆنیمیی |
| Articulatory | ئۆرگانی دەنگدروستکەر |
| Phoneme status | بارو کەسێتیی فۆنیم |
| Neutralization | بێلایەنبوون |
| Phonological parameter | پارامیتەری فۆنۆلۆژییانە |
| Free variation | جۆراوجۆریی ئازاد |
| Dual consonant-combination | خستنەتەکیەکی دوانیی کۆنسۆنانتەکان |
| Voiced | دەنگدار / گڕ |
| Emphatic sounds | دەنگە پانەکان |
| Fricative sounds | دەنگە خشۆکەکان |
| Explosive sounds | دەنگە گیراوەکان |
| Phonological information | زانیاریی فۆنۆلۆژیی |
| Voiceless | کپ |
| Coda | کۆتایی بڕگە |
| Minimal pair | گچکەترین جووت |
| Consonants | نابڕگەییەکان |
| Distinctive features | نیشانە جیاکەرەوەکان |

| | |
|---|---|
| هەمبەری پارادیگمایی | Paradigmatical opposition |
| هەمبەری فۆنۆلۆژیی | Phonological opposition |

## سەرچاوەکان


**بە زمانی کوردیی:**

سعید، سازان ظاهر (٢٠٢٤)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا، چاپخانەی پاندا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی دووەم، سلێمانیی.

عەبدوڵلا، جوانە ئیبراهیم (٢٠٢٤)، پێواژۆ فۆنۆمۆرفۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیی- شێوەزاری شارەزووردا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی شارەزوور، زانکۆی هەڵەبجە.

غەریب، دڵشاد محەمەد (٢٠٢٣)، هێزو ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکووکدا- لێکۆڵینەوەیەکی فۆنۆلۆژییە، چاپی یەکەم.

مەعرووف و غەریب، عەبدولجەبار مستەفا، دڵشاد محەمەد (٢٠٢١)، مەرجی فۆنۆلۆژیی لە پرۆسەی بەوشەبووندا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٣).

مەعرووف و سعید، عەبدولجەبار مستەفا، سازان ظاهر (٢٠١٨)، زانیاریی فەرهەنگیی-نواندنی فۆنۆلۆژیی لە کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (١٥).

مەحویی، محەمەدی (٢٠٠٨)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی- فۆنەتیک، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانیی.

مەحویی، محەمەدی (٢٠٠٨)، فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی- فۆنۆلۆژیی، بەرگی دووهەم، زانکۆی سلێمانیی.

مەحویی، محەمەدی (٢٠١٦)، مەنامە- بەستانداردکردنی زمانی کوردیی دروستنوسیین، دەروازەی یەکەم- ئۆرسۆگرافیی، چاپی یەکەم، ئاپخانەی ئەندێشە.

هەژار (عبدالرحمان شرفکندی) (١٣٨١)، هەنبانە بۆرینە، بڵاوکەرەوەی سروش، چاپی سێیەم، تاران.

**بە زمانی ئینگلیزیی:**

Agoyi, T. & Emmanuel, O. (2019), The Phono-Syntax of Pronoun System

in Àbèsàbèsì, JOLAN Volume 22, No (2).

Akamatsu, T. (2021), A short critical survey of N. S. Trubetzkoy's theory of neutralization and the archiphoneme, Moenia, USC, UNIVERSIDADE DE SANTIAGO DE COMPOSTELA.

Al.Jalabneh, A. (2009), Phono-syntactic theoretical analysis of jussive structure in Arabic syntax: Chomsky 1968-1995 Views. Sheikh Zayed Islamic Center University of Karachi.

Crystal, D. (2008) A DICTIONARY OF LINGUISTICS AND PHONETICS, SIXTH EDITION, Blackwell Publishing.

ROACH, P. (2009), English Phonetics and Phonology (A practical course), Fourth edition, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS .

Rose, Y. & Penney, N. (2021), Language and Learner Specific Influences on the Emergence of Consonantal Place and Manner Features, HYPOTHESIS AND THEORY article./

https://www.frontiersin.org/journals/psychology/articles/10.3389/fpsyg.2021.646713/full

https://www.degruyter.com/document/doi/10.4159/harvard.9780674283947.c6/pdf

https://www.degruyter.com/document/doi/10.1524/9783050084596.71/html

https://www.understood.org/en/articles/phonological-awareness-what-it-is-and-how-it-works